# شێوازەکانی ماکیاژی کلاسیک و مۆدێرن



خانمان لەنێوان مۆدە زۆرو بۆرەکانی ماکیاژو ئەو هەموو چەشن و شێوازانەی دوودڵ دەبن، بەتایبەت کاتێك نیازیانە یەکێك لەمۆدەکانی ماکیاژ لە روخساریان بسوێن، لەهەموو کاتێکیشدا پێویستیان بە ماکیاژەو تاوەك شۆخێك دەربکەون، تۆی خانمیش پێویستە بزانیت کە هەندێ جاریش دەتوانی شێوەی کەسایەتیت بە ماکیاژەکەت بگۆڕیت و خۆت جیاواز دەربخەیت. بەڵام واچاکە شێوازەکانی ماکیاژ تێکەڵ نەکەیت و هەر یەکەو بەپێی شوێن و کاتی خۆی بۆ روخسارت بکەیت. بەگشتی دوو جۆرە ماکیاژی سەرەکی هەن، یەکەمیان ماکیاژی (کلاسیك) و دووەمیان ماکیاژی (مۆدێرنە، بۆ ئەوانەی حەز بە ماکیاژی هێمن دەکەن، دەتوانن ماکیاژی کلاسیك دابنێن کە پێویستە ڕەنگی کاڵ و سادە بۆ برژانگ هەڵبژێرن، وەك ڕەنگی: گوڵ و بێجی، هەروەها بۆ چاوەکانیش ئەوانەی خواستیان لەماکیاژی ناسکە، دەتوانن ڕەنگی برژانگیان سادەبێت، هەروەها ڕەنگی سەوز و شین لە پشت چاوەکانیان بدەن، ڕەنگی ڕەشی کل و ماسکاراش لەبیر مەکەن، بۆ لێویش پێویستە ڕەنگی سوور دابنێن. هەروەها هەندێك بریقەداریشی بکەن. سەبارەت بە ماکیاژی (مۆدێرن)، دەکرێ ڕەنگی بەهێزو تیژ بۆ برژانگەکانت بەکاربهێنی وەك: ڕەش و قاوەیی، هەروەها ڕەنگی ماسکاراش تۆخ بکەیت و ڕەنگی لێویش با لە ڕەنگە تۆخەکان بێت، وەك: سووری تۆخ، قاوەیی و پەمەیی، هەردوو جۆرە ماکیاژەکەش هەر یەکەو شێوەو شێوازێکە، تۆش ئازادی کامەیان هەڵدەبژێریت.



# ماڵەکەت لە پێشوازیی میواندا

وێڕای ئەوەی پێویستە ماڵەکەت هەمیشە جوان و ڕازاوە بێت، هەروەها لەو کاتەی میوانان سەردانی ماڵەکەت دەکەن، یان کاتێك داوەتی کەسانی نزیك و خزمانت دەکەیت، پێویستە لەو کاتە ماڵەکەت جوانترین و شیکترین دیکۆری هەبێ، تەنانەت ئەو کاتانەی میوانێکی ناوەختت دێت، ئەو کاتە ئەوەندە کاتت نابێت کە ماڵەکەت پاك بکەیتەوە، هەر بۆیە ئەو هەنگاوانە بگرەبەر تا هەمیشە ماڵەکەت بۆ میوانان ئامادە بێت، هەنگاوەکانیش ئەوانەن: پێویستە هەمیشە بۆن و بەرامی ماڵەکەت خۆش بێت، هەر تەنیا دیکۆرەکەت گرنگ نییە، بەڵکو بۆنیش بەشێکە لەجوانیی ماڵ. هەوڵبدە ڕۆژانە نیوکاتژمێر بۆ پاککردنەوەی ماڵەکەت تەرخان بکەیت، تەنانەت ئەگەر خاوینیش بوو، بەڵام پێویستی بە چەند خولەکێکە تا پاکیان بکەیتەوە. دانانی مەرکانەی گوڵی دەستکردو سرووشتی دەبێتە جێی سەرنجی میوانان و تەنانەت ئەگەر دیکۆرەکەشت ڕێك نەبێت، بە گوڵەکانەوە سەرنجیان ڕادەکێشرێت. هەوڵبدە ئەو شوێنانە هەردەم پاك ڕابگریت کە میوانان پێویستیان پێی دەبێت، وەك شوێنی دەست شووشتن، کەرەستەکانی ژووری میوان، ڕووناکی و کەل و پەلی خواردن.



# ڕەنگی لێو لە سەرمای زستان

سەرمای وەرزی زستان هەندێ جار نەك تەنیا جوانیی ماکیاژ تێکدەدات، بەڵکو پێستیش تووشی قلێشان و چرچی دەکات، بەتایبەت لێوەکان کاتێك بەر سەرما دەکەون، ئیدی جوانی خۆیان لەدەست دەدەن. هەر وەك پسپۆڕی جوانکاری (ڕێنیە کۆگ)ی ئەڵمانی دەڵێ: چاکترە لێوت لەسەرما بپارێزیت، لەوەی چارەسەری بکەیت. بۆ پاراستنی لێوت لەسەرمادا پێویستە کرێمی تەڕکردن بەکاربهێنیت. هەمان پسپۆڕ ئەو ڕەنگانە بۆ لێو دیاری دەکات کە لەو وەرزەدا ڕەنگەکانیان باون، وەك: سوور، قاوەیی، سەوزی تریێ، ڕەش و پەمەیی، بەڵام ئەو ڕەنگانەی لەو وەرزەدا بەکاردێن بریتین لە: ڕەنگە تۆخەکان، بەتایبەت قاوەیی تۆخ و بریقەدار، سووری تۆخ، سووری کلاسیك، هەروەها ڕەنگی پەمەیی کاڵ و تۆخ بەکاردەهێنرێت، ئەگەر بۆ کەشی دەرەوە بێت، پێویستە پەمەیی تۆخ بەکاربهێنیت، ئەگەر بۆ شوێنی داخراو و هۆڵ بێت، دەبێ ڕەنگی پەمەیی کاڵ بەکاربهێنیت، بۆ ئەوانەی حەز بە ڕەنگی سوور دەکەن، دەتوانن ڕەنگی سووری فەراولە هەڵبژێرن.

# خاوەن باریکترین کەمەرو سەیرترین روخساری کارتۆنی

زۆربەی ئافرەتان لەجوانیی خۆیان رازی نین، هەر بۆیە خۆیان دەدەنە دەست نەشتەرگەریی جوانکاری تا شێوەیان بگۆڕێت، یان گۆڕانکاری لە روخسار و بەشێکی دەم و چاویان بکەن، بەڵام هیچ کامەیان وەك ئەو ئافرەتە سویدییە نییە، کە هەموو روخساری بۆ شێوەیەکی کارتۆنی گۆڕیوە، تەنانەت زیاتر لە (١٩) جار نەشتەرگەریشی کردووە. ئەو ئافرەتە ناوی (پیکسی فوکس)ـەو بۆ کەمکردنەوەی سایزی کەمەری (٦) پەراسووی خۆی دەرهێناوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن باریکترین ناوقەدو کەمەر، تائێستا بڕێ (١٢٠) هەزار دۆلاری لەنەشتەگەری و جوانکاری جەستەی سەرف کردووە، وێڕای ئەو هەموو هەنگاوانە هێشتا جەستە و روخساری خۆی بەدڵ نییە، نیازی وایە کاری زیاتر بکات و تەنانەت ئامادەیە تا (١٠٠) نەشتەرگەری جوانکاریش بکات، تەنیا بەو مەبەستە بگات کە خۆی دەخوازێت.



## بووک و زاوا لەنێو تابووت

## پیشانگای کەرەستەو وێنە بۆ خواردن







ڕێکخرانی ئاهەنگ و زەماوەند، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بیرۆکەی جوانترو ناوازەتر بۆ ئاهەنگەکانی هاوسەری دادەنێن، تا چەند بیرۆکەکەیان جوانتر بێت، دەبێتە جێی سەرنجی خەڵك و بووك و زاواکان، بەڵام ئەوەی لەوڵاتی تایلەند دەبینرێت، جۆرێکی دیکەی ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکانی هاوسەرییە، لەکوردستان زیاتر لەهۆڵەکان و شوێنی گشتی و مەزرەعەدا ئاهەنگی هاوسەری دەگێڕدرێت، کەچی ئەوەی لە شاری (فراکۆر)ی ئەو وڵاتە دەگوزەرێ، شێوازێکی سەیری زەماوەندی هاوسەرییە، لە ژێر ناوی ( بەیەکەوە تا مردن)، هەر یەکە لە بووك و زاوایان خستۆتە ناو دارەبازە (تابووت)، لەوێدا ڕۆژی ئاهەنگی بە پاڵکەوتن و دانیشتنەوە بەڕێ دەکەن. بە بیرۆکەی خۆیان ئەو هەنگاوە دەبێتە سەرەتای هێنانی خۆشی و کامەرانی بۆ هەر یەك لە بووك و زاوا، هەروەك پیاوی بووزی ئەو وڵاتە ئاماژەی پێداوە، کە ئەوە یەکەمین کاری وا سەیر نییەو چەندین ڕێوڕەسمی دیکەی سەیرتریان ئەنجام داوە.



لەپیشانگا و گەلەرییەکانی هونەریدا، وێنەو تابلۆ و کەرەستەو پەیکەری جۆراوجۆر نمایش دەکرێن، بە مەبەستی تێگەیشتن لەمانا و ڕەواڵەتی بەرهەمەکان، ئەو وێنەو پەیکەرو کەرەستانە لەلایەن وێنەکێش و پەیکەرتاشان دروست دەکرێن و تەنیا بۆ نمایشە، بەڵام دواجار لەپیشانگاکان ئەو کەرەستانەی دانراون، دەکرێت نۆش بکرێن و ببنە خواردنی ئامادەبووان و میوانان. وێنەگرێك بە ناوی (ماگا سمیند)و ئامادەکاری خواردن (کیم مۆریە) لە وڵاتی فەرەنسا، سەیرترین پیشانگای پەیکەرو کەرەستەی خوادەمەنییان کردەوە، چەندین پەیکەرو وێنە و تابلۆیان ئامادە کردووە، زۆربەشیان مانادارن و گوزارشت لە فکرێك دەکەن، دوای ئەوەی نمایش دەکرێن، لەکۆتایی پیشانگاکە، میوانان و ئامادەبووان دەتوانن ئەو کەرەستە و تابلۆ و نمایشانە بکەن بە ژەمێکی شیرینی خواردن و نۆشی بکەن.



# شارۆچکەیەک لەنێو چاڵ

پێگەو شوێنی جوگرافی شارو گوندو ئەو ناوچانەی شوێنی نیشتەجێی مرۆڤن، زیاتر لەو شوێنانەیە تا بتوانن ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان بەئاسانی بەڕێ بکەن، هەندێ جاریش ئەو شوێنانە دەکەونە پێگەی وا کە جێگەی سەرسوڕمانە، وەك ئەو شارۆچکە فەرەنسییەی کە دەکەوێتە نێو قوڵاییەکی گەورە، وەك ئەوەی دەوروبەری ناوچەکە حەفر کرابێت و لە نێو چاڵێکی گەورەدا بێت. ئەو ناوچەیە ناوی (بوزۆڵس کوادریلا – Bozouls )ـەو دەکەوێتە بەشی (ئەڤیرۆن) لەباشووری فەرەنسا.ڕووبەری ئەو بەشە دەگاتە (٢٤٠) کیلۆمەتر دووجا، ڕووبەری شارۆچکەکەش دەگاتە (٦٩) مەتر دووجا، دەگوترێت لەپێشوودا ئەو چاڵە گەورەیە ڕووبارێکی گەورەی تێدا بووە، بەڵام دواتر وشکی کردووە، شێوەی ناوچەکە وەك ناڵی ئەسپ وایە، نزیکەی (٧٠٠٠) کەس لەو شارۆچکەیە دەژین و بە جوانترین شوێنی نیشتەجێی مرۆڤ دادەنرێت.





## کاوڕ

هەڵسوکەوتی یەکێك لە هاوڕێکانت بێزارت دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کێشە بکەوێتە نێوانتان. ئەم ماوەیە زۆربەی شتەکان بەپێچەوانەی ویستی تۆ دەبن و لەوانەیە کاریکاتە سەر داهاتووی ژیانت، ئەگەر بە باشی خۆت ئامادە نەکەیت.



## گا

بەرگەی ناخۆشییەکان بگرەو بێ هیوا مەبە، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتییەو زوو کۆتایی پێ دێت. پێویستە کاتی زیاتر تەرخان بکەی بۆ دانیشتن لەماڵەوە و یارمەتیدانی خێزانەکەت یەکێکە لەئەرکەکانت کە پێویستە ئەنجامی بدەیت.



## جمک

کەسانی نزیکت گلەیی ئەوەت لێ دەکەن کە وەك جاران نیت بەرامبەریان و هەست دەکەن گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە. ماوەیەکە بە دەست کێشەوە دەناڵێنیت و لە ژیانت بێزار بووی، ئەوەی شایستەیەو مافی خۆتە لەدەستی مەدە.



## قرژاڵ

هەوڵ بدە زیاتر پارێزگاری لەباری دەروونی خۆت بکەیت، بەتایبەتی لەو کاتەی توورە دەبیت، هەڵەیەك مەکە کە دواتر باجەکەی بدەیت و پەشیمان ببیتەوە. گوێگرتن لە موزیك و وەرزشکردن هۆکارێکن کە پێویستیت پێیان هەیە و یارمەتی باری دەروونیت دەدەن.



## شێر

چاوت بە کەسێك دەکەوێت کە دەمێکە ئاواتەخوازی ئەوەی بیبینی. ئاگاداربە نهێنیەکانت لای هەموو کەس باس مەکە، بەتایبەتی لای ئەوانەی کە لەدڵسۆزییان دڵنیا نیت، نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی زیان بە بەرژەوەندییەکانت بگەیەنن. کەسایەتیت بپارێزە.



## گوڵەگەنم

لەماوەی ڕابردوودا داوای یارمەتیت لەکەسێك کردبوو، ماوەیەکە چاوەڕوانی دەکەی، ئەم هەفتەیە بەڵێنەکەی دەهێنێتەدی و ئەو شتەت پێ دەدات کە داوات کردبوو، ئەمەش نیگەرانیەکانت کەم دەکاتەوە، کەسی بەرامبەریشت چاوەڕوانی هاوکاری زیاترت دەکات.




## ئیسفەنج خۆر!

بەشێك لەمنداڵان و بەڵکو گەورەکانیش هەندێ کەرەستەو شت دەخۆن، کە ناچێتە ئەقڵەوە بەوەی چۆن دەتوانن ئەو جۆرە شتانە بخۆن. ئەو کچە بەریتانییە ناوی (ئێما تۆمسۆن)ـەو تەمەنی (٢٤) ساڵە، هەمیشە یەك یان دوو پارچە ئیسفەنجی لەلایە، ئەو ئیسفەنجانە بۆ پاککردنەوە بەکارناهێنێت، بەڵکو زۆربەیان نۆش دەکات، ئەو کچە تووشی نەخۆشییەك بووە پێدەگوترێت (بیکا)، کە حەز بە خواردنی ئەو کەرەستە و شتانە دەکەن کە ناخوردرێت، بەڵام ئێما تام و چێژ لە خواردنی ئیسفەنج وەردەگرێ و ئەو ڕۆژانەی بێزارو دڵتەنگ بێت نزیکەی (٢٠) ئیسفەنج نۆش دەکات.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لەکاریگەری خراپی خواردنەوەکان دەکات، لەکاتێکدا وەك ژمارە دانانەوەی پێچەوانەوایە، تاچەند برێکی زۆر لەخواردنەوەکە نۆش بکەیت، ئەوەندە زووتر بە قوڵایی کێشەو گرفتەکانەوە دەبیت.





## پەند و وتە

- **ئیمانوێل کانت، فەیلەسوفی ئەڵمانی، ساڵی (١٧٢٤) لەدایکبووەو لە ساڵی (١٨٠٤) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەرگەگرتنی ژیان گوتوویەتی:** ژیان قورس و دژوارە، تەنیا (٣) شت دەتوانن ژیان خۆش بکەن و مرۆڤیش بەرگەی سەختییەکانی ژیان بگرێت کە ئەوانەن: هیواو نووستن و خەون.

## کەشتیی بەندیخانە

وەك دەزانین زۆربەی کەشتییەکانی جیهان بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەرەستە و کەلوپەل بەکاردەهێنرێن، هەندێکی دیکەش بۆ مەبەستی گەشت و سەفەر دروستکراون، بەڵام ئەو کەشتییە





### نەهەنگ

هەمـوو توانـای خۆت بەکاربێنە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی ماوەیەکە بەنیـازی ئەنجامـی بدەیـت و هێشـتا دەسـتت پـێ نەکـردووە، ئـەو کات کارەکـە زۆر ئاسان دەبێـت و توانـای خۆت دەردەخەی بۆ ئەوانەی گومانیان لەتواناکانت هەیە.



### گۆزە

هەوڵبـدە بیر لەم قۆناغەی ئێسـتای ژیانت بکەیتەوە، بەڵێن بە کەسـێك مەدە کە دڵنیانیت لەئەنجامەکەی، ئەم ماوەیـەش لەهەموو کاتێك گرنگترە بۆت، بۆیە پێویسـتە بەشێوەیەك خۆت ئامادە بکەی کە سەرکەوتنت مسۆگەر بکات.



### گیسک

لەهەنـدێ بڕیـار پەشـیمان دەبیتـەوەو هەسـت دەکـەی پەلـەت کردووە، بەڵام ئەم هەفتەیە لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕانکاریـی ئەرێنـی لـە ژیانتدا روو دەدەن. کەسـێکی نزیك و خۆشەویستت دەیەوێت کێشەت بۆ دروست بکات، بەڵام پیلانەکەی سەرناگرێت و بۆت ئاشکرا دەبێت.




### کەوان

سـەیری ڕابـردووی ژیانـت بکـەو بـەراوردی بکـە لەگەڵ ئێسـتا، ئەوکات بۆت دەردەکەوێت کە ئەم ماوەیە پێوەندییەکانـت وەك جـاران بەهێـز نین و لەهەواڵی کەسـە خۆشەویسـتەکانت ناپرسـی. وا باشـترە هەمان ڕێچکەی رابردوو بگریتەبەر و پێوەندییەکانت بەهێزتر بکەیتەوە.



### دووپشک

کاتـت دیـاری بکەو ئەوەی لەپێشـتە لەداهاتوودا بۆت سوودی دەبێت. لەوانەیە هەندێ گرفتی بچووك بێنەسەر ڕێگای پێوەندیی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، کارێك بکـە ئـەو گرفتانە نەبێتە هۆی کۆتاییهێنان بە پێوەندیی نێوانتان، پێویستیت بە یارمەتی هاوڕێکانت هەیە.



### شایان

لەگـەڵ کەسـانی دەوروبـەرت خۆشـحاڵی و هەمیشـە دەخوازی کە پێوەندیتان باشـترو بەرەو کەشـێکی خۆشـتر بچێـت. ئـەو ماوەیـە هیلاکـی و پێویسـتت بـە پشـووە، کارەکانت جێگەی نیگەرانی کەس نین، بۆیە بەردەوام بە لەسەریان. کەسێك کە چاوەڕوانت نەدەکرد، یارمەتییەکی باشت دەدات، ئەمەش زیاتر ئاسوودەت دەکات.



## پوختەی فیلمەکان


**گەشتیاران — passengers**


فیلمێکی زانسـتی و خەیاڵییە، باس لە گەشـتێك بەرەو بۆشـاییگەری دەکات، لەوێـدا کەشـتییەکە تێکدەشـکێ و بـەرەو شـوێنێك ڕێگە دەگرن کە ڕێگـەی گەڕانەوە (٩٠) سـاڵ دەبێت، هـەر یەکە لـە ئاروورا کـە لەلایـەن جینیفەر لۆرێنـس رۆڵـی بێنـراوە، هەروەها جیم لەلایـەن ریس پرات رۆڵەکـەی بینیـوە، خۆیـان و (٥٠٠٠) کەسـی دیکـەش لەمردن رزگاردەکەن، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێرو (٥٦) خولەکـە، لەدەرهێنانی (مۆرتین تیلدۆم) و بەرهەمهێنانی (مایکل ماهەر)و نووسینی (جۆن سپایت)ـە.



## یاری وێنە

- لـەم وێنەیـدا یارییەکـی مـازی دانـراوە، تیایـدا پەپوولەیـەك دەیەوێـت بگاتـە گـوڵ و گوڵـزار، کـە ڕێگـەی ون کـردووە، ڕێپیشـاندەری بـە.





## نوکـــتە

جارێکیـان کەسـێك (١٠) وەرەقـەی ون کردبـوو، هـاواری دەکـرد ئـەوەی ئـەو پـارەم بـۆ بدۆزێتـەوەو بیگەڕێنێتـەوە، (٢) وەرەقـەی پێـدەدەم، یەکێکـی دیکـەش لـەولاوە دەیگـوت: ئـەوەی بـۆ منـی بگەڕێنێتـەوە (٥) وەرەقـەی پێـدەدەم !

زەبەلاحەی دەیبینن نە بۆ گەرەستەیەو نە بۆ گەشـتە، بەڵکو بەندیخانەیەکە و لەساڵی (١٩٩٠) دوای ئەوەی ئەمریکا ئەو کەشتییەی لەوڵاتی بەریتانیا کری، دواتر کەشـتییەکەیان کـردە بەندیخانـە، ئـەو کەشـتییە نـاوی (ڤێرنۆن)ـەو لـە کەنـداوی (ریکێـرس) نزیك شـاری نیویـۆرك جێگیر کراوە، نزیکەی (٣٨٠٠) بەندکراوی تێدایـەو پێکهاتووە لە (١٩٦٧) ژوور، درێژییەکەشـی دەگاتە (٨٠) مەتر.

